وەزیری ناوخۆی عێراق سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانی ئەمنی دەکات



ئەمڕۆ شەمە"عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆی عێراق،بۆئامادەبوونی ژمارەیەک فەرماندەو ئەفسەر،سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانکراوی کرد.

وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە :- ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆ بۆئامادەبوونی "بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ژمارەیەک لە فەرماندەو ئەفسەر،لە بارەگای ئاژانسی وەزارەت بۆ کاروباری پۆلیس، سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانکراوانی کرد .

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- لەم کۆنفرانسەدا باس لە میکانیزمەکانی چاکسازیکردن لە بنکەکانی پۆلیس و پەرەپێدانی کارکردنیان کرا لە هەردوو لایەنی تەکنیکی و کارگێڕییەوە، بۆ ئامانجی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی ئەو سیستمە ئەمنییەی کە وەزارەتی ناوخۆ بۆنیازە جێبەجێی بکات.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە :- ئامادەبووان گفتوگۆیانکرد لەسەر هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە بەهێزکردنی هەوڵی هاوگری و ئەمنی و پشکنینکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان، کە ئەم هەنگاوە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر شڤامی عێراقی لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئاسایشی ناوچەکە.